# سودانی پێشوازی دەکات لە سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی ئاسایشی پەرلەمانی



محەمەد شیاع سودانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران ئەمڕۆ یەکشەممە پێشوازی کرد لە سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی ئاسایش و بەرگری لە ئەنجومەنی نوێنەران.

بەگوێرەی راگەیەندراوکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە میانی دیدارەکەدا تاوتوێی بەهێزکردنی پەیوەندییە تەواوکەرەکانیان کرد لە نێوان دەسەڵاتەکانی جێبەجێکردن و یاسادانانداو لە بواری پشتیوانی ئەمنیدا، هەروەها گفتوگۆیان کرد لەسەر هەوڵەکانی حکومەت و ئامادەکاریەکان بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە مانگی داهاتوودا و دابینکردنی ژینگەیەکی سەلامەت بۆ بەڕێوەبردنی، جگە لە تاوتوێ کردنی داهاتووی پەیوەندیەکان لەگەڵ هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جەختی کردەوە لە سەر پەرەشی و هەوڵەکانی حکومەت بۆ بەهێزکردنی ئاسایشی وڵات، کە بۆ پشکیەک دادنرێت بۆ هەموو پلانکانی پەرپێدان و کاریگەریەکانی لەسەر سەقامگیری بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی.

هەر لە دیدارەکەدا گفتوگۆی ژمارەیەک پێشنیار کرا بۆ ئامانجی بەدیهێنانی چاکسازییە پێویستەکان بۆ دامەزراوە ئەمنییەکان، بە شێوەیەک کە یارمەتیدەر بێت لە پڕۆپەدانی کاری ئەمنی بڕۆ پیشەیی زیاتر و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەنجامدان.